# لەژێر پەردەی پەرلەمانی ئەوروپا کە دەخوازێ ئەویش بەشداری لە بڕیاردان لەسەر لیستی تیرۆر بدات چی هەیە!!

هیوا عبدالله

یەکێك لە ڕۆژەڤە شاراوەو سەرەکیەکانی یەکێتی ئەوروپا و پەرلەمانی ئەوروپا لە ڕۆژگاری ئەمڕۆماندا لیستی تیرۆرە. لەم ڕۆژانەی دواییدا گروپی "سەوزەکان" لەپەرلەمانی ئەوروپادا، داوایەکی بۆ سەرۆکی کاتی یەکێتی ئەوروپا کە حکومەتی "لوکسەمبۆرگ" دەیگرێتە ئەستۆ بەرزکردەوە، کە پەرلەمانی ئەوروپاش مافی بڕیاردانی لەسەر لیستی تیرۆر هەبێ. زۆری پێ نەچوو حکومەتی لوکسەمبۆرگ ئەو پێشنیارەی گروپی ئاماژەبۆکراوی پەسەند کرد. گروپی سەوزەکان سەرباری ئەوەی دڵخۆشی خۆیان بەرامبەر بە ئەرێکردنی بڕیارەکە نیشاندا، هاوکات باس لەوەش دەکەن کە گروپی ئاماژەبۆکراو و هەندێ لایەنی دیکەی دەوروبەرانی ئەوروپا ئامادەباشی دەکەن کە لیستی تیرۆری یەکێتی ئەوروپا لە مانگی حزێران سەرلەنوێ ڕەچاو بکرێتەوە!! لێرەدا دەمەوێ خاڵێك زەق بکەمەوە ئەویش ئەوەیە ئایا لەژێر پەردەی ئەو جموجۆڵانەدا چی هەیە ؟ پێش هەموو شتێك نابێ ئەوە لەیاد بکەین کەئەو پێشنیارە لە کاتێکدا هاتە ئاراوە کە وەزیری دەرەوەی ئەمریکا "کۆندێلیزا ڕایس" یەکەمین گەشتی خۆی بۆ خۆرهەڵاتی ناوەڕاست و ئەوروپا دەستپێکرد،، سەرباری ئەوەی لە زۆربەی زۆری دیدارەکانیدا خانم "ڕایس" ئیشارەی بە سیاسەتی تازەی حکومەتی سەرلەنوێ هەڵبژێردراوی "جۆرج بوش" دەدا،، لە هەمان کاتدا پەیامی توندی ئاراستەی ئێران، سوریا و کۆریای باکور کرد،، وە هەروەها خانم "ڕایس" سەرباری ئەوەی بەشێوەیەکی کۆنکرێت گوێی بۆ داخوازیەکانی تورکیا لەمەڕ کێشەی کۆنگرەی گەل و قەوارەی داهاتوی شاری کەرکوك نەگرت،، لەهەمان کاتدا بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ ئیشارەی بە ناکۆکیەکانی نێوان وڵاتەکەی لەگەڵ تورکیاش کرد. بەڕای من حکومەتی بوش پەیتا پەیتا ئامادەکاری خۆی بۆ تەواوکردنی پیلانە ستراتیژیەکانی دەکات لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، کە لەگەڵ پرۆسەی هەڵبژاردنی ئەمریکادا وەستابوو یان پشویان پێدابوو. ئێستاش ئەمریکا بە ئەزمون وەرگرتن لە ڕەفتارەکانی پێشوی،، هەوڵ دەدا ئەمجارەشیان یەکێتی ئەوروپا بخزێنێتە ناو ئەو شەڕە کە بە شەڕی "قەلاچۆکردنی تیرۆر" ناوی دەبات،، سەردانی "ڕایس" بۆ فەرەنساو ئەو نەرمڕەوییەی کە لێی بەدی دەکرا،، هەموی بۆ ئەوەیە لە هەڵمەتی ئەمجارەیدا کە شیمانە دەکرێ سوریا و ئێران ئامانج بن،، ئەوروپاش بەشێوەیەك لە شێوەکان بەشداری یان هاوکاری بکات،، ئێستا ئەو مەسەلەیە گەورەترین کارتی بازرگانی نێوان ئەمریکا و ئەوروپایە. کەچی خانم "ڕایس" لە قسەکانی دا بەدەر دەکەوت کە دەیوت کێشەی تیرۆر بەتەنیا بە ئەمریکا چارەسەر نابێ و وە هەردەم ئەوەی دوبارە دەکردەوە کە دەبێ ئەمریکا و ئەوروپا هاوکاری یەکتری بکەن.

بەڕای من ئەمڕۆ ئەوروپا ئامادەی ئەنجامدانی ئەو بازرگانیەیە لەگەڵ ئەمریکا دا. ئەگەر هەندێ وڵاتی وەك فەرەنسا ئەڵمانیا تۆزێ خۆشیان گران بکەن وەلێ لە کۆتاییدا بەشێوەیەك لە شێوەکان هاوکاری یەکتری دەکەن. وە پێم وایە ئەو سیناریۆیەی کە ئەمریکا ئێستا ئامادەکاری بۆ دەکات،، ئێران دەکاتە ئامانج،، بەڵام دەمەوێ ئەوەش بڵێم مەرج نیە ئەمریکا هەمان داستانی عێراق لە ئێرانیش دووبارە بکاتەوە،، واتە شیمانەی زۆر دەکرێ کە شێوازی دەستێوەردانی ئێران وەك عێراق نەبێ. بە مەزەندەی من ئەمریکا ئێستا دەیەوێ هێزەکانی "موجاهیدین الخلق" کە ماوەیەکە لە ژێر کۆنترۆڵیدان زیندو و پڕ چەك و پڕ هێزیان بکات و دژ بە کۆماری ئیسلامی بەکاریان بهێنێ،، بەڵام لێرەدا کێشەیەك هەیە کە ئەمریکا بەخۆی پێشتر سازی کردووە، ئەویش ئەوەیە کە ئەو ڕێکخراوە لە لیستی تیرۆری ئەمریکادا جێ دەگرێ و هەر لەسەر داخوازی ئەمریکاش بوو ئەو ڕێکخراوە تا ڕۆژی ئەمڕۆ لە لیستی تیرۆری یەکێتی ئەوروپاشدا جێی گرتوە. ئەو پێشنیارەی گروپی سەوزەکان و پەسەند کردنی لە لایەن سەرۆکی کاتی یەکێتی ئەوروپا و جموجۆڵەکانی ڕێکخراوی "موجاهیدین" لە ناوەو دەرەوەی وڵات بەتایبەتی ئەوروپا ئەو ڕاستیە دەسەلمێنێ. جا لێرەدا من وای بۆ دەچم کە لە کۆبونەوەی ئەمجارەی یەکێتی ئەوروپا بڕیار لەسەر ئەوە دەدرێ کە "موجاهیدینی خەلق" لە

لیستی تیرۆری یەكێتی ئەوروپا دەردەكەوێ. وە شیمانەی ئەوەش زۆر دەكرێ كە ناوی كۆنگرەی گەل كە لەلیستی یەكێتی ئەوروپا دایە،، بكەوێتە ڕۆژەڤی پەرلەمانتارەكانی یەكێتی ئەوروپا. ماوەیەكە پەرلەمانتارە ئەوروپیەكانی دۆستی كورد لە دەرفەتێك دەگەڕێن كە بتوانن مەسەلەی كۆنگرەی گەل بكەنە ڕۆژەڤی یەكێتی ئەوروپا و بەڵكو لەو ڕێگایەشەوە بتوانن كێشەی كورد لە باكوری كوردستان بخەنە سەر ڕێچكەی چارەسەری،، زۆربەی زۆری ئەو پەرلەمانتارانەی كە سەردانی كوردستانیان كردوەو كورد لە نزیكەوە دەناسن گەیشتونەتە ئەو باوەڕییەی سیاسەتی كۆنی ئەمریكاو ئەوروپا كە پێی وایە كێشەی كورد لە باكور نابێ لە ڕێگای "پ ك ك"ەوە چارەسەر ببێ،، سەركەوتنی بەدەست نەهێناو بێ چارەیی قوڵتر كردۆتەوە،، بەڵام لەبەر ئەوەی ئەورپیەكان ئەگەر پشتگیری ئەمریكایان لەگەڵ نەبێ ناتوانن سیاسەتێكی تازەتر و جیاوازتر سەبارەت بە كێشەی كورد لە باكور و توركیا بگرنە بەر،، بێ چارە ماون وە پەرلەمانتارەكانیش تاڕادەیەك بە ترسەوە نزیكی ئەو باسە دەبنەوە. بۆیە ئیتر كاتی ئەوە هاتوە كە كورد زیاتر هاوكاری یەكتری بكەن،، لە كاتێكدا كە كوردستانی باشور بە دەستپێكردنی پرۆسەی هەڵبژاردن پێی ناوەتە قۆناغێكی نوێی تێكۆشان، لە كاتێكدا كە ئێران و سوریا بە شێوەیەك لە شێوەكان دەبنە ئامانجی ئەمریكا، لە كاتێكدا كە دەرز و كەلەن كەوتۆتە نێو بەرژەوەندیەكانی نێوان توركیا و ئەمریكا،، كوردان دەبێ سەرلەنوێ بە سیاسەتی خۆیاندا بچنەوەو،، بڕیارێك لە سەر ئەوە بدەن كە چۆن لە ئاستی سیستەم و سیاسەتی نێودەڵەتیدا یارمەتی یەكتری دەدەن. چونكە بەڕاستی دروشمی بریقەدار و زەق، خزمەت بەهیچ ناكات،، ئەگەر "ی ن ك-پ د ك" بەڕاستی نیازی سازكردنی دەوڵەتیان هەیە،، دەبێ هەڵوێستی خۆیان لەمەڕ بەشەكانی تری كوردستان بە گشتی و كۆنگرەی گەل و كوردی باكور بەتایبەتی ڕەچاو بكەنەوە،، پێویستە وا لێكنەدرێتەوە كە لەپشت ئەم قسەیە مەبەستێكی حزبی ئایدیۆلۆژی هەیە، مەبەستەكە بەتەنیا بەرژەوەندی نەتەوەییە چونكە؛ بۆ ئەوەی دەوڵەتی كوردی لە باشوری پێكبێ،، دەبێ ئێمە كێشەی كوردی باكور كە ڕاستەوخۆ بە چارەنوسی بەڕێز ئۆجالان و كۆنگرەی گەل بەستراوەتەوە بخەینە ڕۆژەڤی ئەمریكا و یەكێتی ئەوروپاو هەروەها حكومەتی عێراق. بەڵام ئەگەر دەوڵەتی كوردی ئامانج نیە، كە هیوادارم وانەبێ،، دروشمی بریەقەدار و تیۆریزەكردنی دەوڵەتی كوردی زیان بە چارەنوسی ئێمە دەگەیەنێ. بەڵام پێموایە ئەگەر ئەو لایەنانەی كە بەڕاستی مەبەستێكی بەو شێوەیەیان هەیە،، بتوانن چارەسەری كێشەی كوردی باكور بەتایبەتی و بەشەكانی دیكە بەگشتی بەنێوچاوانی موخاتبەكانیاندا بدەنەوە،، ئەوا بەهەمان شێوە دەتوانن نێوبژیوانیەكی باش و بە بەرپرسیارانە لەنێوان كوردی باكور و ئەمریكاش بكەن. ئەگەر ئەو لایەنانە نیازی ئەوەیان هەیە كە سەرۆكایەتی كورد بكەن ئەوا ئەو ڕێگایە باشترین تێست و تاقیكردنەوەیە بۆ گەیشتن بەو ئامانجە. ماوەیەك بەر لە ئێستا لە كافتریایەكەی پەرلەمانی ئەوروپا لە شاری بروكسل لە ڕێگای بەڕێزێكەوە چاوم بە دوو پەرلەمانتاری پەرلەمانی ئەوروپا كەوت،، پرسیاریان لێ كردم كە خەڵكی كوێمە منیش ووتم؛ خەڵكی كوردستانی باشورم!! یەكسەر بەبێ ئەوەی پرسیارم لێ بكەن سەربە چ ڕێكخراو، گروپ، ڕێبازێكی چەند ڕەخنەو گلەییەكیان بە دەموچاوێكی زەردەخەنەییەوە كرد،، ئەویش ئەوە بوو دەیان ووت ئێوە گەلێكی هۆشیارن، كۆڵنەدەرن،، هاوڕێیەتی و دۆستایەتی لەگەڵ ئێوە زۆر خۆشە،، چونكە ئێوە دەتوانن ئاشتی خواز بن،، بەڵام كەڵكی چیە كە هیچ بنەمایەكی یەكێتیان نیە،، كوانێ لۆبیای كوردی ؟ چەند دەزگاتان هەیە كە تەنانەت بەشێكی كورد كۆبكاتەوە؟ وتم نەخێر...!! زۆری لێ وردبومەوە پاشان بۆم دەركەوت كە هەردوو پەرلەمانتار دۆستی كوردن و لەسەر كێشەی كورد زۆر جار كێشەیان بۆ دروست بووە،، جا بەڕاستی ئەگەر لەو بارەییەوە تەماشای كێشەكانمان بكەین لە هەندێك لایەنەوە زۆر زۆر دواكەوتوین لە چاو خەڵكانی تر،، بۆ نمونە "نێلسۆن ماندێلا" كەسایەتیەك بوو،، كە پێش ئەوەی بكەوێتە زیندان گەلێك كەسی ڕكەبەری لە نەتەوەی خۆی هەبوو، گەلێك گروپ و ڕێكخراو ڕەخنەیان لێ دەگرت،، بەڵام كاتێ كە بوە ئامانجی دەرەوە و كەوتە زیندان،، هەموو ڕكەبەرەكانی پشتگیریان لێ كردوو تا ئازادبونیشی كاریان بۆ كرد. بەڵام كاتێك كە بەڕێز ئۆجالان بوە ئامانجی چەندین ووڵات و بۆسەر پەتی سێدارە برا هەندێ كورد و ڕێكخراوی كوردی نەك پشتگیریان لێ نەكرد و پشتیان تێ كرد

**تەنانەت!!!!!!؟؟؟ نامەوێ باسی لێوە بکەم کرد،، بێگومان دەبێ ئەوەش بڵێین کە ئەو سەردەمە ڕەشو تاریکو نەخۆشانە ئێمەو حزبەکانمان هۆشیار نەبوون، کۆمەڵگاش بە تەواوی دەستەمۆ کرابوو،، بەڵام ئێستا ئەو سەردەمە نیە،، هەرچەندە هەندێ جار گەلێك هەڵوێستی کلاسیکی کە مەبەستیان ئەوەیە لەسەر حسابی گەل و نەتەوە بەرژەوەندیە تەسکەکانی حزب بەرنە پێش بەدی دەکرێن،، بەڵام لە هەمان کاتدا دەبێ دان بەو ڕاستیەش بنێین بمانەوێ و نەمانەوێ،، بیانهەوێ و نەیانهەوێ ئەگەر لە ئاستی پێویستیشدا نەبێ،، حزبەکان تا ڕادەیەك گۆڕاون و دەگۆڕێن. بۆیە دەبێ ئەم ڕاستیانە زیاتر زەق بکرێنەوە،، دەبێ ڕۆشەنبیرانی شارەزا لە بواری سیاسەتی نێودەوڵەتی سەرجەم حزب و پێکهاتە کوردستانیەکان هۆشیار بکەنەوە،، نابێ بەوە خەڵکەکانمان سەرخۆش بکەین کە کەرکوکمان ڕزگار کرد و تەواو،، نابێ هەڵوێستێك بە بنەما وەربگرین کە کۆمەڵگا بەنج و سەرخۆش دەکات و دروشمو هەڵوێستی کەلەتەزێن هیچ قازانجێکی بۆ داهاتوی چارەنوسی گەل نیە!! دەبێ ئاراستەی لۆژیك و سیاسەت و بەرژەوەندیەکانمان لە ئاستی هەرێم و ناوچەیی بگوازینەوە بۆ ئاستی نەتەوەیی،، هۆکارەکانی هەر چیەکی دەبن با ببن،، هیچ حزبێك ناتوانێ لاف نەتەوەیی بون لێبدا ئەگەر کێشەی دیاربەکر و سنەو قامیشلی وەك کێشەی کەرکوك نەبینێ، بۆیە کاتی ئەوە هاتوە کورد واز لە دیدارەکانی پشت پەردە بەردات و بێتە لە ئاستی دەرەوەدا ستراتیژ و سیاسەتی خۆی بۆ گشتی نەتەوەی کورد دەستنیشان بکات.......**